# بۆ/مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن و هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی

## لە/مسعود بارزانی یەوە

Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.30 16:44:40 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

لەژمارەی پێشووی خەبات و ژمارەی دوێنێی برایەتی دا هەواڵێک دەربارەی دروستکردنی (١٣٠) خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لەشەقلاوە بلاوکراوەتەوە، کە گوایە پارەی پرۆژەکە لەلایەن مەکتەبی بارزانی یەوە دەدرێت.

راستییەکەی ئەوەیە مەسرەفی ئەم پرۆژەیە و پرۆژەکانی هاوشێوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە دابین دەکرێت کە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ دابین کردنی سەرچاوەی داهات بۆ دروستکردنی خانووی خانەوادەی شەهیدان پێک هێنراوە کە هەڤاڵ نەجمەدین یوسفی سەرپەرشتی دەکات و تا ئێستا سەدەها خانووی بۆیان دروست کردووەو ئومێد وایە ئەم بەرنامەیە بەردەوام دەبێت تا خانوو بۆ هەموو خانەوادەی شەهیدان دروست دەکرێت. وە هیچ پارەی ئەم پرۆژانە لای مەکتەبی بارزانی یەوە دابین ناکرێت.

چەندین جار ئێوەم ئاگادار کردووە کە لاسایی خەڵکی تر نەکەنەوەو ناوی من نەخەنە ناو هەموو بابەت و ڕووداوێک.

لەمەودوا نە وێنەی من و نە ناوی من بلاونەکەنەوە نە لە ڕۆژنامەکان و نە لە تەلەڤزیۆنەکان، چونکە من حەز لەو مەزاهیرانە ناکەم و بێزم لێی دەبێتەوە.

ئەگەر جارێک بە ناچاریش، ناچاربوون لەبەر دیتنی میوانەکان هەواڵێک بلاوبکرێتەوە، تەنها ئەو هەواڵە بلاودەکەنەوە کە لێرەوە بۆتان دێت.